کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-7-2007 2:36

## ئایە ئەنفال دیاردەیەکی نامۆیە بە ئیسلام؟ ... هۆشیارمەلا عبدالرحمن

ئیسلام ئایینێکی یەکتاپەرستی عەرەبیە، ئیسلام لەسەر بنچینەی قورئان دروست بووە وقورئانیش بۆ ئیسلام بریتیە لە قسەی خواو{ هەڵبەستراو*}نیە بە دەمی خواوە لەلایەن پێغەمبەری ئیسلامەوە، پێغەبەری ئیسلام محەمەد کوری عبدالاکوری عبدالمتەلیب کوری قوسەی کلابە، قوسەی کوری کلاب کە دەکاتە باپیرەگەورەی محمد دامەزرێنەری دار الندوە ی قورەیشیەکانە کەبریتی بوو لە دامەزراوەیەك بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتی قورەیشیەکان بەسەر چین وتوێژە هەژارەکانی نێو مەککەدا وپاشان گۆڕا بە{ ئیلاف}ی قورەیشی ولە ئایەتێکدا ناوی ئەم ئیلافەش هاتووە { لایلاف قریش رحلە الشتائی والسیف، واتە نەك محمد بەڵکو باپیرە گەورەشی لە خەمی ئەوەدابووە کە هۆزەکانی عەرەب یەکگرن ولەو پەرتەوازەیەی ناو نیمچە دورگەی عەرەبی رزگاریان بێت. بەڵام مێژووی ئیسلام لەمبارەیەوە هیچی نەگێراوەتەوە، لەراستیدا لە نیمچەدوورگەی عەرەبدا لە چاو دەوروپشتەکەیەوە بۆشاییەکی کەلتوری هەبوو بۆ ئەو کاتەش ئایین گونجاوترین بابەت بوو بەنیسبەت عەرەبەوە، عەرەبی نیمچەدورگەی عەرەبی ئەگەرچی بە کۆمەڵێ ئایینی یەکخودایی دەورە درابوون بەتایبەتی ئایینی جوولەکە و پاشان ئایینی عیسایی و جگە لەئایینی سابیئە رەوتی حوونەفاش هەببو کە باووریان بەیەك خودایی هەبوو دژی بتپەرستی قورەیشیەکان بوون پێغەمبەر خۆشی پێش ئیسلام لەگەڵ رەوتی حوونەفایابوو {وەرەقەی کوری نەوفەل کە ئامۆزای خەدیجەی ژنی محەمەدی پیغەمبەری ئیسلام بوو یەکێك لە موونەزیرەکانی رەوتی یەکتاپەرستی حوونەفا و شارەزایی وپسپۆریەکی تەواوی هەبوو لەسەر ئایینەکانی موسایی وعیسایی وزەردەشتی و سابیئە و بەشێکی زۆری ئینجیلی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی! جگە لە محمد چەندین کەسیتر لەئاستی ئەوەدابوون بانگەوازی پیغەمبەرایەتی بکەن وەکو {وەرەقەنوفل} {ئومەییە بن سەڵت کەپیشتر سەر بەرەوتی حونەفابوون وموسەیلەمەی کوری حبیبالمنفا کەخەڵکی یمامە بوو دوایی پیغەمبەر بە دۆزنیش ناوزەدیکرد{مسیلەمە کەزاب} جگە لەمانە وپیشتریش {هود}لەخێلی عاد {سالح} لەخیلی سمود{شوعەیب} لەخێڵَی مەدیەن بانگەوازی پیغەمبەرایەتی وخوا پەرستیانکردووە و پییغەمبەری ئیسلامیش لە سورەتەکانی ئەعراف. هود، شعرا ئاماژەی پێکردوون، زەمینەی هاتنەکایەوەی ئیسلام لەهەموو روویەکەوە زۆر لەبار بوو بەوەی عەرەب کە لەدواپلەی دواکەوتوویدابوون لە چاو نەتەوە کانی دراوسێیەوەجگە لەوەش عەرەب زۆر بە ئاسانی باوەریان بە خورافەو غەیب هەبوو تەنها سەرەتا ماوەی دەسالێك دژی پیغەمبەری ئیسلام وئایینە نوێەکەی وەستان و پاشان کە زانیان سەرکەوتنی ئایینەکەو بڵاوبوونەوەی لەبەرژەوەندی خۆیانە هەموو چوونە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، ئیسلام سەرەتا زۆر بە نەرم ونیانی وئاشتیخوانە دەرکەوت هەموو ئایەتە مەککەییەکان کە ژمارەیان 86 ئایەتە زۆر مرۆڤدۆستانەو ئارام بەخشن داوای یەکێیتی وبرایەتی وخواپەرستی دەکات، لە بابەتی واعتسموا بحبل... لا اکراە فی الدین.... لکم دینکم ولی... وما علی الرسول الا بلاغ.... قسەی سەر زاری ئیسلامی ئەو رۆژگارەبوو، شەڕی بەدر ئیسلامی فێری ڕاووڕووت تاڵانی کرد! لە دوای شکستی شەری ئوحود لە تۆڵەی ئەو شکستە سەربازیە پیغەمبەر هەڵسا بە کۆمەڵێ ئیغتیالکردن لە ناو مەدینەدا سەرەتا سەرۆکی خێڵە جوولەکەکانی بەنو قەینو قاع وبەنی نەزیرو بەنو قورەزەی کوشت وپاشان بواری تەنها سێ رۆژی دانی کەمەدینە چۆل کەن وبەرووتی هەر خۆیان دەرچن، ئەم جولەکانە زۆربەی دانیشتوانی مەدینەیان پیك دەهێنا کەوتنە سەرساجی عەلی هەموو قەتل وعام کران تەنها ئافرەت ومنال مایەوە ئەوانیش سەحابیەکان دابەشیانکردن لەنێوان خۆیاندا. ئیسلام مێژووی کۆچ بۆ مەدینەو بارودۆخی حکومەتەکەی مەدینەی ڕتووش کردووەو حەقیقەتەکەی شێواندووە چونکە دوای مۆرکردنی پەیمانی {حوودەیبیە} پیغەبەری ئیسلام پەلاماری جولەکەکانی قەڵای خەیبەری داو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جولەکەکانیش بەنیازی بەرگریکردن لە خۆیان بەرانبەر سوپاکەی پیغەمبەری ئیسلام پاش 14 رۆژ گەمارۆدان {کەنانەی کوری ئەبی حەقیق هەوالی نارد بۆ پێغەمبەر کە ئەمانیش بە هەمان بریارەکەی خێلی بەنی نەزیر رازین واتە بەرووتی دەرچوون و بەجێهێشتنی سەروەت وسامان و مالیان و لەقەڵاکانیان هاتنەخوارێ و خۆیان تەسلیمی پیغەمبەری ئیسلام کرد و موسلمانەکانیش کەوتنە فەرهود کردن ئینجا پیغەمبەری ئیسلام فەرمانیدا کە 93 کەس لە دیلەکان جیابکەنەوەو بیانکوژن لەوانە کنانە کوری ئەبی وبرایەکی بەرکەوتن و پیغەمبەر ژنەکەی کنانەی بۆ خۆی داگیرکرد کە ناوی {سوفیە بنت حی}بوو کەپێشتر محمد باوکی لەقەتل وعامەکەی خێڵی بەنی قورەیزەدا کوشتبوو، پێغەمبەری رابەری ئیسلام هەر درێژەیدا بە فراوانکردنی حکومەتەکەی مەدینە و ئینجا کەوتە وێزەی جولەکەکانی {وادی القر*}پاش 4 رۆژ گەمارۆدان تالآنی کردن و ملکەچی ئەوەبوون کەساڵانە نیوەی بەرهەمەکانیان بدەنە حکوموتەکەی مەدینە شەڕو پاوانخوازیەکانی پیغەمبەر گەیشتە ئەو رادەیەی کەلە بیانوو دەگەڕا تالەپەیمانی حوودەبیە پەژیوان بێتەوە لەو کاتەشدا {ام کلسوم کچی عقبە} لە مەککەوە رایکردبوو هاتە لای پیغەمبەربەپێی پەیمانەکە دەبێ بگەڕێنرێتەوە محمد ئەم هەلەی قۆزتەوە چونکە تەنها مەککە مابوو لە دورگەی عەرەبدا بەرانبەر دەسەڵاتەکەی بۆ نەگەڕاندنەوەکەی ئوم کەلسومیش ئەم ئایەتە پەیدابوو {یا ایها. الزین امنوا ازا جائکم الموئمنات مهاجرات فامتحنوهن... فلا ترجعوهن الی الکفار} سوره الممتحنە 10 بەهۆی تالآنکردن وراورووت وفەرهودەوە تەرازووی هێز بەلای ئیسلامدا شکایەوە و پیغەمبەری ئیسلام بەهێزێکی 10000 شەڕکەرەوە هەڵیکوتایە سەرقورەیشیەکان بەبێ هیچ جۆرە بەرگریەك چوونە ناومەککەوە وقورەیشیەکان خۆیان تەسلیمی ئیسلامکرد بە پێچەوانەی دیلی جولەکەکانەوە رەفتاریان لەگەڵ کرا عەرەب بۆ خۆیان دەیان زانی ئایینەکە لەبەرژەوەندی خۆیانە بۆیە هەموو شتێکی کۆن لەبیر کرا، پاش گرتنی مەککە پرۆسەی ئەنفال شێوەیەکی فراوانتری وەرگرت و بەتایبەتی ئەنفالکردنی ناوچەکانی دەرەوەی نیمچەدوورگەی عەربی لەبرەودابوو کێبڕکێی جیهاد لەپێناوی ئیسلامدا بۆ وەدەستهێنانی سەروەت وتالآنی و ئافرەتی سپی پێستی شام ودەریای سپی ناوەراست ئەوەی لێرەدا تێبینی کرا وەرچەرخانی ناوەڕۆکی قورئانە کە لەم قۆناغەدا ئایەتەکان ئەو نەرمونیانیەی پێشووی نەما ئوسلوبی هەرەشەی کوشتن وتۆقاندن دەستی پێکرد وەکو{قاتلوا الزین لایۆمنون بالاهی ولا با لیوم الاخره.... حتی یعتواالجزیه عن ید وهم ساغرون}التوبە 29 ئیتر لەهەموو لایەکەوە خێلەعەرەبەکان هاتنە ژێرئالآی ئیسلامەوە وەکو {ازا جائە نسر الاهی والفتح.... انە کان توبا} لێرەدا پەیامی سەرەکی ئیسلام {قوسەی کوری کلاب}هاتەدی، ئیسلام لە راستیدا تەنهاو تەنها بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەکانیەوە کەوتە سەر پێی خۆی سەرەتا بەرانبەر بە جووەکانی ناو نیمچەدوورگەی عەرەبی وپاشان لەسەردەمی خەلیفەکاندا پرۆسەی ئەنفال لە ژێر ناوی فتوحاتی ئیسلامیدا درێژەی کێشا رووبەرێکی زۆری خاك و وولآتی نەتەوەکانی قیبتیەکان وباکوری ئەفەریقا وبەشێکی زۆری کیشوەری ئاسیای گرتەوە، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، ، سەرچاوەکان

1گرنگترین بابەت دەربارەی ئایین وفەلسەفە. ئیسلام لاپەرە 78 *

2بەشەمێژووەکەی ئینجیلی {مارتین لۆتەر} عیبرەتەئەفسانەییەکان و تۆقاندن لای ئایینەکان.

3داڕشتنی قورئان لەرووی زمانەوانیەوە.

4قورئان ئاوێنەی سەردەمەکەی... خۆی بوو.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.